# 7 UK

# منداڵانی پەنابەری بێ یاوەر

## ململانێکانی تەمەن

ئەگەر تۆ تەمەنت لە خوار 18ساڵەوە بوو کاتێک دەگەیتە بەریتانیا بۆ داوای مافی پەنابەری، **زۆر گرنگە بە زووترین کات ئەمە رابگەیەنیت.** **سەرەتا داوات لێدەکرێت لەسەر کاغەزێک تەمەنت بنووسیت.**

بەپێی یاساکانی بەریتانیا هەر کەسێک تەمەنی لە خوار 18 ساڵەوە بێت بە منداڵ دادەنرێت و پاڵپشتی جیاواز وەردەگرێت. ئەگەر تەمەنت لە خوار 18 ساڵەوە بێت و بەبێ دایک و باوکت یان کەسێکی گەورەساڵێکی خەمخۆر گەیشتە بەریتانیا، ئەوا بە "**منداڵێکی پەنابەری بێ یاوەر**" دادەنرێت.

### هەڵسەنگاندنی سەرەتایی تەمەن

ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ Home Office باوەڕ نەکات کە تۆ تەمەنی خوار تەمەنی یاسایی (17 ساڵ یان کەمتر)، تۆ "هەڵسەنگاندنی تەمەنی سەرەتایی" ئەنجام دەدەیت، **کە چاوپێکەوتنێکی کورتە کە بەزۆری نزیکەی 40 خولەک دەخایەنێت.**

ئەوان بە پشتبەستن بە **دەرکەوتن** و **رەفتار** و **وەڵامی چەند پرسیارێک** دیاری دەکەن کە تۆ منداڵی کەم تەمەنی یان نا. ئەمەش ڕاستەوخۆ دوای گەیشتنت ڕوودەدات، ڕەنگە زۆر ماندوو بیت. بیرۆکەیەکی باشە کە ئامادە بیت.

### چ پرسیارێک دەکەن؟

لەم کورتە چاوپێکەوتنەدا پرسیارت لێدەکرێت دەربارەی تەمەنت. هەروەها پرسیارت لێدەکرێت سەبارەت بە گەشتەکەت و چۆن تەمەنت دەزانیت و بۆچی هاتوویت بۆ بەریتانیا.

**بەرواری لەدایکبوونت پێشبینی مەکە -** ئەمە زۆر گرنگە. ئەگەر بە وردی ڕۆژی لەدایک بوونت نازانیت، ڕوونی بکەرەوە بۆچی تەمەنی ئێستات دەزانیت. لەوانەیە پرسیارت لێ بکرێت:

- بەرواری لە دایک بوون و تەمەنت
- کاتێک وڵاتەکەت بەجێهێشت تەمەنت چەند بوو؟ بۆ نموونە: ساڵی ڕابردوو تەنها دوای ڕەمەزان وڵاتەکەم بەجێهێشت کە تەمەنم 15 ساڵ بوو، بۆیە ئێستا تەمەنم 16 ساڵە.
- کاتێک قوتابخانەت بەجێهێشت تەمەنت چەند بوو؟
- خوشک و براکانت تەمەنیان چەندە؟ بۆ نموونە: برایەکم هەیە دوو ساڵ لە من گەورەترە و بەم دواییە تەمەنی بووە بە ١٨ ساڵ، بۆیە دەزانم تەمەنم ١٦ ساڵە.
- ئەگەر هەر کێشەیەکی تەندروستی جەستەیی یان دەروونیت هەبوو، یان
- ئەگەر لە هەر وڵاتێکی سەر ڕێگاکەتدا وەک منداڵێکی کەم تەمەن مامەڵەت لەگەڵدا کرا، وەک ئیتاڵیا یان فەرەنسا، دەتوانیت باسی ئەم بابەتە بکەیت.

هەروەها گرنگە ئەو ئەفسەرانەی ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجام دەدەن و چاوپێکەوتنی سکرینکردنەکەت بڵێیت ئەگەر هیچ خزمێکت لە بەریتانیا هەیە، تەنانەت ئەگەر پلانت نەبێت هەوڵی ژیان لەگەڵیان بدەیت.

### ئایا پێویستت بە هیچ بەڵگەیەک هەیە؟

ئەگەر هەر بەڵگەیەک لەسەر تەمەنت هەبوو، ئەسڵی یان کۆپی وەک **پاسپۆرت، ناسنامە، یان بڕوانامەی لەدایکبوونت**، پێویستە بە زووترین کات بە ئەفسەرەکان بڵێیت. بەڵگەنامەکردن هەمیشە بەس نییە بۆ سەلماندنی تەمەنت لە یەکەم هەڵسەنگاندنی تەمەندا، هەندێکجاریش ڕێگە بە خەڵک نادرێت نیشانی بدەن، بەڵام ڕەنگە دواتر یارمەتیدەر بێت بۆ کەیسەکەت ئەگەر دەرکەوت کە گەورە بوویت لە یەکەم "هەڵسەنگاندنی تەمەندا".

ئەمەش ڕەنگە بۆ داواکاری پەنابەریت زۆر گرنگ بێت چونکە منداڵان مافی پەنابەریشیان هەیە.

### چۆن دەزانی تەمەنی تۆیان قبوڵ کردووە؟

دوای هەڵسەنگاندنی سەرەتایی تەمەن، وەزارەتی ناوخۆ Home Office بڕیار دەدات کە :

1. ئەوان پێیان وایە تۆ منداڵێکی کەم تەمەنی یان...
2. یان گەورەساڵ (تەمەن لە سەرووی 18 ساڵەوە)
3. پێویستت بە زانیاری زیاترە.

ئەگەر پێیان وایە تۆ تەمەنت لە خوار 18 ساڵەوەیە یان پێویستیان بە زانیاری زیاترە، ئەوا دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی نیشتەجێبوون کە لەگەڵ منداڵانی تردا دەژیت.. لەوانەیە پێویستت بە دووبارە هەڵسەنگاندنی تەمەنی درێژتر بێتەوە.. ئەم شوێنە نیشتەجێبوونە دەتوانرێت لە هەر شوێنێکی بەریتانیا بێت..
**ئەگەر قبوڵ نەکەن کە تۆ لە خوار 18 ساڵەوەیت، ئەوا دەتنێرن بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی گەورەساڵان و هەروەها وەک گەورەساڵێک مامەڵەت لەگەڵ دەکەن.**

### ئەگەر Home Office وەزارەتی ناوخۆ قبوڵ نەکات کە تۆ لە خوار 18 ساڵەوە بیت، دەتوانیت چی بکەیت؟

**پێویستە بە زووترین کات بە ستافی ئەم شوێنی نیشتەجێبوونی گەورەساڵان بڵێیت کە تۆ تەمەنت لە خوار 18 ساڵەوەیە، پزیشک یان پەرستارەکە و هەر ڕێکخراوێک کە لەگەڵیدا کار دەکەیت کە تۆ منداڵیت.**. هەروەها پێویستە ڕێکخراوی هاوکاری کۆچبەرانMigrant Help ئاگادار بکەیتەوە. پێویستە داوایان لێ بکەیت کە ڕەوانەی دەسەڵاتی ناوخۆیی بکەن یان پێیان بڵێن کە دەتەوێت سەردانی **توێژەری کۆمەڵایەتی بکەیت بۆ ئەوەی تەمەنت هەڵسەنگێندرێت.**

هەروەها پێویستە پەیوەندی بە تۆڕی مرۆڤ بۆ مافەکانەوە Humans for Rights Network بکەیت کە دەتوانن یارمەتیت بدەن لەم کارەدا و دەتوانرێت پەیوەندیت پێوە بکرێت بەم: **00447506663089**. ئەوان ڕێکخراوێکی تایبەتمەندن کە یارمەتی ئەو منداڵانە دەدەن کە بە هەڵە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت وەک گەورەساڵان لە بەریتانیا.

**بەداخەوە زۆرێک لە کەسانی خوار 18 ساڵ لە بەریتانیا بە هەڵە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت وەک گەورەساڵان. ئەمە هیچ شتێکی شەخسی نییە، خەتای تۆش نییە. دەتوانیت هەوڵبدەیت تانە لەو بڕیارە بدەیت کە سەبارەت بە تەمەنت دراوە.**

## Stage 1

دەگەیتە بەریتانیا و داوای مافی پەنابەری دەکەیت. تۆ بە زووترین کات پێیان دەڵێیت کە تەمەنت لە خوار ١٨ ساڵەوەیە. دوای ماوەیەکی کەم لە هاتنت پرسیارت لێدەکرێت دەربارەی تەمەنت.

ۆ هەندێک کەس ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام نادرێت چونکە وەزارەتی ناوخۆ بە پێویست نازانێت تەمەنیان پشتڕاست بکاتەوە. لەم حاڵەتەدا دەنێردرێنە شوێنی داڵدەدانی منداڵان و دەسەڵاتی ناوخۆیی خۆیان چاودێرییان دەگرێتە ئەستۆ..

## Stage 2

هەڵسەنگاندنی سەرەتایی بۆ تەمەنت دەکرێت، واتە کەسێک بڕیار دەدات کە ئایا باوەڕت وایە تۆ لە خوار 18 ساڵەوەیت یان نا بە پشتبەستن بە دەرکەوتن و ڕەفتارەکانت لە چاوپێکەوتنەکەدا.

**بژاردەی یەکەم:** وەزارەتی ناوخۆ Home Office پێی وایە تۆ تەمەنت لە خوار 18 ساڵەوەیە.

**بژاردەی دووەم:** وەزارەتی ناوخۆ Home Office باوەڕ ناکات کە تۆ لە خوار 18 ساڵەوە بیت

وەک **گەورەساڵێک مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت و دەنێردرێت بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی گەورەساڵان** وەک هۆتێل یان کەمپ.
پێویستە هەوڵبدەیت پەیوەندی بە پارێزەرێکەوە بکەیت یان تۆڕی مرۆڤ بۆ مافەکان Humans For Rights بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە تانەدان لەم بڕیارە بە زووترین کات. هەروەها پێویستە ستافی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت یان پزیشک ئاگادار بکەیتەوە ئەگەر توانیت یەکێکیان ببینیت.

## Stage 3

تۆ ڕەوانەی دەسەڵاتی ناوخۆیی دەکرێیت، کە وەک منداڵێکی بێ یاوەر و داوای مافی پەنابەری مامەڵەت لەگەڵ دەکات. هەروەها دەسەڵاتی ناوخۆیی ڕێگەی پێدراوە کە بڵێت باوەری بەوە نییە کە تۆ منداڵیت و هەڵسەنگاندنی تەمەن ئەنجام بدات.

**بژاردەی یەکەم:** دەسەڵاتی ناوخۆیی پێی وایە تۆ تەمەنت لە خوار 18 ساڵەوەیە.

**بژاردەی دووەم:** دەسەڵاتی ناوخۆیی باوەڕ بەوە نییە کە تۆ لە خوار18 ساڵەوە بیت و هەڵسەنگاندنی تەمەن ئەنجام بدەیت

وەک منداڵێکی پەنابەری بێ یاوەر مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت.
لەبیرت بێت: ئۆفیسی ناوخۆییش دەتوانێت تانە لەم بڕیارە بدات.

ئەگەر پێت گوترا is وەزارەتی ناوخۆ Home Office تانە لە بڕیارەکە دەدات، پێویستە بە زووترین کات پارێزەرێک بدۆزیتەوە کە یارمەتیت بدات.

**دەتوانرێت پەیوەندی بە HFRN بکرێت لە 0044750663089 لە ڕێگەی واتسئەپ، نامە یان تەلەفۆنەوە.**

Refugee Legal Support